# گەر دوژمنتان بم خوا بمگری و ڕوو ڕەشیش بم گەر دۆستان بم

سەرنووسەری هەڤتەنامەی هاوڵاتی بەڕێز (ئاسۆس هەردی) لە وەڵامی ببورن (ئەسڵەن بۆنی وەڵامی لێ نایەت) نوسراوێکمدا کە بە نێوی (هاوڵاتی یان هاودەستەڵاتدار) http://www.kurdistannet.us/1-2004/hawlatiyan.pdf لە تۆڕگەی کوردستان نێتدا بڵاوم کردەوە جگە لە ورووژاندنی بابەتەکە بە هیچ جۆرێک وەڵامی بابەتەکە بەدی ناکەم. جا بۆیە حەز دەکەم لێرەوە بەو بەڕێزە و هەموو ئەوانە بڵێم کە دەیانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە نەک هەر پرسیاری من بەڵک و پرسیاری زۆرینەی هاوڵاتیانی کوردستانە، گەر وەڵامێکی کورت و بە سوودتان پێ نیە وەڵامی نادرووستیش مەدەنەوە بۆ چەواشەکردنی هاوڵاتیان. چونکە خۆتان چاک دەزانن جەماوەر (هاوڵاتیان) سەرچاوەی بوون و دەستەڵاتن.

هاوزمانانی هێژام، ئەی ئەوانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کوردایەتیتان کردۆتە ئامرازی یەکبوون و ڕزگاری نەتەوەکەمان. سۆزتان ئەدەم، بە کوردستان، بەشەهیدان، بەس پێم بڵێن کە ئەو وەڵامە وەڵامی ئەو پرسیارانەیە کە من لەو هەڤتەنامەیەم کردووە یان هەر دووبارە کردنەوە و ووروژاندنی پرسیارەکانە. گەر ئەوان وەڵامی درووستیان دابووەوە ئەوا من سوزتان ئەدەمێ جارێکی تر نە لەسەر هاوڵاتی و نە لەسەر فایلڕەشیش بنووسم.

وەڵامی بەڕێز ئاسۆس هەردی بۆ نووسراوەکەم لەم ناونیشانەدا بەرچاو دەکەوێت
ژمارە 159ی ڕۆژی 2004/01/28
http://www.hawlati.com/pdf/2001-159_16.pdf

**هەر بژین بۆ کورد**